cyan magenta yellow black File: p.15 fl ˙ Æ˝ ˝ 2





# خولەکانی یەکێتی تۆپی پێ بەشێوەی پاڵەوانێتی بەڕێوەدەچێت

**زاگرۆس نانەکەلی**

ڕێکەوتی 9/9/2017 یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەگەڵ نوێنەر وراهێنەرەکانی یانانی کوردستان کۆبوونەوە وێڕای بەخێرهاتنیان بەتێر وتەسلی باس لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی خولەکانی (فوتساڵی کچان) و ( لاوانی نایاب ) و (تازەپێگەیشتووانی نایاب) و (لاوانی پلە یەک ) و ( تازەپێگەیشتوانی پلە یەک) کرا.

سەرەتا لەلایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان زۆر باس لە سزای توند کرا بۆ سەرپێچیەکانی راهێنەران وسەرپەرشتیاران ویاریزانان،ئەوان دەیانگووت قبوڵی هیچ جۆرە کێشە و ئاژاوە و ساختەکاری ( تەزویر) ی یاریزانان ناکەین،چونکە دەزانین تووشی کێشەمان دەکەن، نموونەش زۆرن لە ئۆلۆمپیاد ئەسینای 2004 لە یۆنان یونس مەحمودی عێراق لەگەڵ یاریزانانی پورتوگاڵی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ یاری دەکرد ،ئێستا یونس لە کوێیە و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە کوێیە!،لەلایەکی ترەوە مەرجێکی توند و تەندروستیان سەپاند کە بۆ قازانجی یاریزان وتەنانەت یانەکانیش دەگەڕێتەوە،ئەویش دەبێت یاریزانان هەموویان (پشکنینی گشتی) بکەن لە نەخۆشخانەکان ویاخود لای پزیشکی تایبەت،بەتایبەتیش پشکنینی (هێلکاری دڵ) ،چونکە بەداخەوە لەخولی پار ساڵ یاریزان لەنێو یاریگا گیانی لەدەستدا ،دەکرێت بڵێین یانە وراهێنەریش بەرپرسن،چونکە دەبێت ئەو یاریزانانەی لەلای تۆ یاری دەکات بزانی تەندروستی باشە ،یاخود چ نەخۆشییەکی هەیە ،لەلایەکی ترەوە دەبێت راهێنەرەکان بەڵێن نامە بۆ یەکێتی تۆپی پێ پڕبکەنەوە بۆ هەر سەرپێچی و کێشەیەک دەبێت بەرپرسیارییەتی هەڵگرن!.

جێگای ئاماژەپێکردنە لەکۆتایی هەر گروپێک لە بەشدار بووان تیروپشک و ناوی یانەکان ،ژمارەی بەشداری بووی یانەکان ئاشکرا دەکرا کە بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**خولی فوتساڵی کچان**

خولی فوتساڵی کچان (11) یانە بەشدار دەبێت وبەسەر دوو گروپ دابەش بوونە

گرووپی ئەلف پێک دێت لە یانەکانی (ئەفرۆدێت،گارە،ئارارات،هەڵەبجەی شەهید ،ئافرەتانی هەولێر).

گرووپی با پێک دێت لە یانەکانی (زێرەڤانی،دەروازە،چۆمان،سەورە،گازی باکوور،زانکۆی جیهان).

ئەم خولە لەریکەوتی 6/10/2017 هەموو رۆژانی هەینی بەرێوە دەچێت.

**خولی لاوانی نایاب**

خولی لاوانی نایاب لە (12) یانە پێک دێت ودابەش بوونە بەسەر دوو گرووپ ،گرووپی یەکەم (7) یانەیە وگرووپی دووەم (5) یانەیە و خولەکەش بەیەک قوناغ بەرێوە دەچێت ولەچوارگۆشەی زێڕین ڕبوونەوە لەگەڵ چوار یانەکەدەکرێت کە بە شێوەی خول بێت یان مەقەس.

گرووپی یەکەم پێک دێت لە یانەکانی (برایەتی،دهۆک،هەندرێن،زێرەڤانی،زاخۆ، هەولێر،پێشمەرگەی هەولێر،گارە).

گرووپی دووەم پێک دێت لە یانەکانی (هەڵەبجە، خانەقین،پێشمەرگەی سلێمانی،سۆلاڤ،نەورۆز،شێروانە).

ئەم خولەش بەشێوەی شوێنی جوگرافی بەرێوە دەچێت ،بێگومان هۆکارەکەش ئاسانکردنی ئەرکی یانەکانە بەهۆی ئەو قەیرانە.

**خولی نایابی تازەپێگەیشتوان**

خولی نایابی تازەپێگەیشتوان لە (12) یانە پێک دێت ودابەش بوونە بەسەر دوو گرووپ کە بەم شێوەیە:

**گرووپی یەکەم**

(دهۆک،زاخۆ،گارە،سمێل،زێرەڤانی،پێ شمەرگەی هەولێر).

**گرووپی دووەم**

(شێروانە،سلێمانی،پێشمەرگەی سلێمانی،رزگاری،هەولێر،هەندرێن).

ئەم خولەش بەشێوەی شوێنی جوگرافی بەرێوە دەچێت ولەهەر گرووپێک دوو یانە سەر دەکەوێت بۆ چوارگۆشەی زێڕین.

**خولی لاوانی پلە یەک**

خولی لاوانی پلە یەکی کوردستان لە (13) یانە پێک دێت وبەسەر دوو گرووپ دابەش دەبن،گرووپی یەکەم (6) یانەیە وگرووپی دووەم (7) یانەیە کە بەوشێوە یە.

**گرووپی یەکەم:**

ئالا ،ئارارات،ئاڵتوون کۆپری،ئاسۆ،کۆیە،خاک).

**گرووپی دووەم:**

سیروانی نوێ،چەمچەماڵ،شەهیدان،سلێمانی،کفری،ئاشتی،کەرکوک).

**خولی تازەپێگەیشتوانی پلە یەک**

خولی پلە یەکی تازەپێگەیشتوانی بەبەشداری (7) یانە بەرێوەدەچێت و کە دواتر فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان لەکۆبوونەوەی خۆی چۆنیەتی بەرێوە چوونی ئەم خولەش بڕیاری لەسەر دەدات.

یانە بەشداربووەکان پێک دێت لە (سیروانی نوێ،ئاڵتون کۆپری،کفری،ئاشتی، ئارارات، کەرکووک).



# بەردەرەش بۆ پشتگیری ل ریفراندۆم و سەرخۆبوونا کوردستانێ فیستەڤالەکا مەزن یا وەرزشی هاتە سازکرن

**خەبات : سالح محەممەد تەیرۆ**

لدرێژاهیا کاروچالاکییێت ناوەندا چالاکی و پێگەهاندنا لاوان ل بەردەرەش کۆ سەر ب ناوەندا بالا یا لاوان ئاکری یە بۆ هەوا بانگەشەیا هەلبژارتنێن پرسا ریفراندومێ بۆ سەرخۆ بوونا کوردستانێ و ل یاریگەها وەرزشیا بەردەرەش ب بەرهەڤبوونا خسرۆ گوران ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و صباح بیت اللە بەرپرسێ لقی 9و ئەندام پەرلەمانێن کوردستانێ ونوێنەرێ میحوەری خازر و ئەندامێن جڤاتا پارێزگەها دهۆک و نوینەرێن لایەنێن سیاسی ل سنورێ بەردەرەش و بەرپرس و نوێنەرێن سازیێن حزبی و میری و جەماورەکێ ئێکجار زور یێ لاوان وەرزشڤانان و چەندین تیپێن وەرزشی فیستەڤالەکا مەزن یا وەرزشی بۆ پشتگیری ل ریفراندومێ و سەرخۆ بوونا کوردستانێ هاتە سازکرن ، لبەراهیکێ پەیڤا ب خێرهاتنێ ژلایێ بەرپرسێ ناوەندا بالا ل ئاکرێ هاتە خاندن و پاش رێزگرتن راوەستان ل سەرگیانێ پاکڤژێ شەهیدێن رزگاریخوازیا کوردستانێ و سەرکاروانێ شەهیدان بارزانیێ نەمر وکاک ئیدریسێ هەردەم ساخ ، لدویڤ پەیڤەک ژ لایێ صباح بیت اللە بەرپرسێ لقی 9هاتە خاندن وتێدا ئاماژە دا گرنگیا ئەڤان جورە فیستەڤالا بو بلندکرنا ئاستێ وەرزشی ل دەڤەرێ وهوشیارکرنا جەماوری بۆ پشکداریکرن ل پرسەکا چارەنڤیساز کو ئەو ژی پرسا ریفراندومێ یە بۆ سەرخوبوونا کوردستانێ کو ب ئانەهیا خودێ دێ ل رۆژا 25/9یا ئەڤ ساڵ هێتە سازکرن و کورد وکوردستانی دێ چارەنڤیسێ خۆ دیار کەن یان دڤێتن ب سەربخویی بژین یان لژێردەستی ، خویا ژی کر دپشت راستین کو دێ خەلکێ کوردستانێ ب بەلێ دەنگی دەتن و ب رێژەیەکا هەری باش دێ سەرکەفتنێ دڤێ پرسا نیشتیمانی و نەتەوی و دیموکراسی ب دەستڤە ئینین و تومارکەین چونکە ئەڤە زێدەتر ل سەد سالا یە ئەم دقادا خەبات و تێکوشین و بەرخودان و قوربانیداینە ل پێناڤ ڤێ ئارمانجا پیرۆز کو ئەڤە خەونا هەر کورد وکوردستانیەکێ دلسوز ونیشتیمانپەروەرە و دەنگدان ب بەلێ هەست کرنە ب ئەرکەکێ ئەخلاقی و نیشتیمانی ونەتەوی ومروڤایەتیی و دیموکراسیی یە ، پاش سوپاسیا ناوەندا چالاکی وپێگەهاندنا لاوان ل بەردەرەش و جەماوری بەرهەڤبوویی کرن ، لاوان و وەرزشڤانان ژی هەمیان ب هەڤرا پشتگیریا خۆ بۆ ریفراندومێ بۆ سەرخوبوونا کوردستانێ دووپات کرن وخویا ژی کرن کو هەردەم دێ دەنگێ وان بۆ بەلێ و بەلێ و بەلێ بیت بۆ دەولەتبوونا کوردستانی

# هەڵەبجەی شەهید بووە پاڵەوانی خولی باسکەی یانەکانی عێراق



**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

رۆژی دووشەممە بەرواری 11/9/ 2017لەشاری سلێمانی لەیاری کۆتایی خولی تۆپی باسکەی یانەکانی عێراق لەسەر ئاستی کچان هەردوو تیپی کچانی باسکەی هەڵەبجەی شەهید و کچانی سەنجاریب لەیارییەکی بەهێز و پڕ جەماوەریدا ڕووبەرووی یەکتر بوونەوە، تیپی هەڵەبجەی شەهید بەسەرپەرشتی راهێنەری بەتوانا وراهێنەری هەڵبژاردەی عێراق رزگار رەئووف توانی یارییەکە لەبەرژەوەندی خۆیان بەکۆتابهێنن و دوای ئەوەی توانیان بەئەنجامی 48-55 خاڵ یارییەکە لەسەنجاریب بنەوە ونازناوی خولی باسکەی عێراق بەشایستەیی دەستەبەر بکەن.

لەخولەکەدا حەوت یانە بەشداریان تێدا کردبوو کەبەسەر دوو گروپ دابەشکرابوون ،یانە بەشداربووەکانیش بریتیبوون لەیانەکانی ( ئەکاد ،سەنجاریب، ژیما ، هەڵەبجەی شەهید،ئافرۆدیت ، سلێخ، دەربەندیخان)

جێی ئاماژەبۆکردنە یانەی هەڵەبجەی شەهید لەسەرجەم یارییەکانی نێو خولەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بەم هۆیەوە توانی نازناوی خولی تۆپی باسکەی عێراق لەنێو بەهێزترین یانەکاندا بەشایستەیی بەدەست بهێنێت، ئەم دەستکەوتە گرینگ و مێژوویە بەهەوڵ وماندووبوونی راهێنەری تیپەکەیەوە هاتە کایەوە کە ئەزموونێکی یەکجار زۆری هەیە لەپێگەیاندن و دروستکردنی یاریزانان لەیاری تۆپی باسکەدا.

ئەمەیش سەرجەم ئەنجامی یارییەکانی هەڵەبجەی شەهید تاکۆتایی خولەکە بەوشێوەیە بوو:

هەڵەبجەی شەهید 41دەربەندیخان 10?

هەڵەبجەی شەهید 80سلێخ 40،

هەڵەبجەی شەهید 77 ئافرۆدیت ?23

هەڵەبجەی شەهید 45ژیما ، 15

هەڵەبجەی شەهید55 سەنجاریب 48



# ریال مەدرید هەموو هێزەکەی بۆ ئاپوێل کۆ دەکاتەوە

راپۆرتە هەواڵەکان لە رایانگەیاند کە یاریزانی کرواتی لۆکا مۆدریچ لەهێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید سبەی چوارشەممە دەگەڕێتەوە پێکهاتەی یانەی شاهانەو بۆ یانەکەی ئەمشەویان بەرامبەر نیقۆسیا قوبرسی ئامادە دەبێت، لەدەستپێکی گەڕی یەکەمی خولی یانە پاڵەوەکانی ئەوروپا. رۆژنامەی (ئاس)ی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە مۆدریچ پەیوەندی بەپێکهاتەی سەرەکی یانەکەیەوە کردۆتەوە، دوای ئەوەی راهێنەر زینەدین زیدان رایگەیاند، لەیاری لیڤانتی پشووی پێبدات، دوای ئەوەی 2یاری لەگەڵ هەڵبژاردەکەی بەرامبەر کۆسۆڤۆ تورکیا ئەنجامدا. مۆدریچ دوو یاری ئەنجام نەدا، یەکەمیان بەهۆی سزا لەیاری چوونی جامی سوپەری ئیسپانیاو، کە بە1-3گۆڵ لەیانەی بەرشلۆنەیان بردەوە، هەروەها بەرامبەر لیڤانتی بەشداری نەکرد، کە بەگۆڵێک یەکسان بوون. مۆدریچ لەوەرزی رابردوو 19یاری ئەنجام نەدا، لەگەڵ گرنگی ناوبراو لەو یاریانەی کە مۆدریچ تیایدا بەشدار نەبوو، 13سەرکەوتن و 6یەکسانبوونی هەبوو. لەگەڕانەوەی بۆ پێکهاتەی سەرەکی مۆدریچ بەتەنها نابێت، کە هەریەک لە کاسیمێرۆ و رافائێل ڤاران و کایلۆر ناڤاس و ئیسکۆو گاریس بێل و کریستیانۆ بەتەواوی بۆ ئەم یارییە ئامادەن، یارییەکەی ئەمشەو لە چامپیۆنزلیگ رۆناڵدۆ دەگەڕێتەوە، کە ئێستا تەنها یەک یاری ماوە سزای ناوخۆیی کۆتایی بێت، کە بۆ 5یاری سزادرابوو، هەروەها کاسیمیرۆ دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی ریال مەدرید نەیتوانی بەبێ ئەو لەدوو یاری رابردوو بەرامبەر ڤالێنسیاو لیڤانتی سەرکەوتن تۆمار بکات.

**نەبەز روستایی**